حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٢٢٩) لە ٢٠٢٣/١١/١٥

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٩) لە ٢٠٢٣/١١/١٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی بۆردی باڵای دارایی گشتی دوای پێکهێنانی بە فەرمانی هەردوو بەڕێزان سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی (دووەم) لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢١٩) لە ٢٠٢٣/٥/٢٤، ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی بڕگە و خاڵەکانی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢١٩) لە ٢٠٢٣/٥/٢٤ دەربکات لەسەر بنەمای ڕەشنووسی ئەو ڕێنماییانە کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە ڕەشنووسەکەی ئامادە دەکرێت و بەرز دەکرێتەوە بۆ بۆردی باڵا بە مەبەستی پەسەندکردنی.

٢. تاوەکو کەوتنەبواری جێبەجێکردنی ڕێنمایی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە ئەوەی پەیوەندیدارە بە ڕێژەی وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت لە داهاتی ناوخۆی خۆیان وەک خۆی دەمێنێتەوە بە هەمان شێواز و ڕێکاری پێشوو تاوەکو بە ڕێنمایی بۆردی باڵا ڕێک دەخرێتەوە.

٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران